# دوو نعمت خ قدر نازانن: لش ساغ، و سرقا نبوون كات دست بتا

له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دوو نیعمەت (خەڵکی قەدری نازانن: لەش ساغی، و سەرقاڵ نەبوون (کاتی دەست بەتاڵی».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی دوو نیعمەتی گەورەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە بەخشیوویەتی بە مرۆڤ، وزۆرێك لە خەڵکی دەربارەی خەسارۆمەندن؛ چونکە زۆرجار مرۆڤ ئەگەر لەش ساغ بێت وسەرقاڵ نەبێت، ئەوا تووشی تەمەڵی دەبێت لەئاست خودا پەرستی؛ بۆیە کەسێکی خەسارۆمەندە، ئەمیش حاڵی زۆرێکە لە خەڵکی، ئەگەر کاتی سەرقاڵ نەبوون ولەش ساغی بەکاربهێنێت لە گوێڕایەڵی خودا؛ ئەوا کەسێکی سەرفرازە، لەبەرئەوەی دونیا کێڵگەی قیامەتە، هەروەها دونیا شوێنی بازرگانی کردنە بۆ قیامەت وبەرهەم وداهات لە قیامەتدا دەردەکەوێت، ودەست بەتاڵی لەپاشی سەرقاڵبوون دێت، ولەش ساغی لەپاشی نەخۆشی دێت، وئەگەر هیچ لەوانەی پێشوو ڕوونەدات وتەنها بەساڵا چون هەبێت؛ ئەمە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیر بکاتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5449

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee